**ئەبەرد محەمەد یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:**

# سلێمانی لەسەر ئاستی کوردستان خاوەنداریەتی گۆڕەپان و مەیدان دەکات



***لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**


-سەرەتای ئاشنابوونم بە وەرزش لە یاری تۆپی پێیەوە دەستم پێکرد و لە یانەی کفری یاریم کرد، دواتر رووم لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کرد، بەڵام هیچ یانەیەك نەبوو لە شارەکەی من، دواتر لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی وەرگیرام لە شاری سلێمانی وەکو یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی یاریم کردووە، دواتریش لە رێگای مامۆستایەکی خۆمەوە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی مامۆستا ئەحمەد بەهادین بانگهێشت کرام بۆ ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

- بەهۆی نەبوونی یانەی زۆر لەسەرئاستی کوردستان ئەم وەرزشە لە ئاستێکی لاوازە، چونکە ئەوەشی هەیە زۆربەیان بەبێ ئامادەکاری تەنیا بەشداری پاڵەوانیەتییەکان دەکەن، جگە لەوەش یاریزانی ئاست بەرز لە ئاستی تاك هەن کە جێگای شانازین بۆ ئێمەی کورد کە بەردەوام لە پێشەنگی عێراقین.

***ئەی لە شار سلێمانی لە چ ئاستێکدا دەیبینی کە سلێمانی هەموو کات خاوەن یاریزانی بەتوانا بووە و کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە؟**

-سلێمانی خاوەنداریەتی گۆڕەپان و مەیدان دەکات لەسەر ئاستی کوردستان و هەمیشە لە ریزی پێشەوەی عێراقیشە،




**شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، شاری کفری لە دەڤەری گەرمیانیش یەکێکە لەو شارانەی کەوا گرنگیی زۆر بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەدات لەسەر ئاستی کوردستان و چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە پێشەنگی یاریزانانی کوردستانیان گرتووە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانیش نەبەرد محەمەدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦ی کفرییە لەگەرمیان و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە پەروەردەی وەرزشی و ماوەیەکی زۆریشە لە ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری دەکات، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی کفری و عانە و شورتە یاری کردووەو چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستهێناوە. بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی ئەو یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

بەڵگەی قسەکانیشم ئەنجامی چەند ساڵەی رابردووە بە ئێستاشەوە کە پێمان دەڵێت سلێمانی شاسواری یارییە تاکەکانە لە ناویاندا پشکی شێریش بەر بووکی یارییەکان کەوتووە.

***پێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز دەبێت چی بکرێت؟**

-بوونی یاریگای تایبەت و پشتگیری مادی و هێنانی راهێنەری تایبەت بە هەر یارییەك هۆکاری بەرەوپێشبردنی یارییەکەیە، چونکە ئێمە توانای باشمان هەیە لە کوردستان، بەڵام پشتگوێ خراوین، ئەگەر نیوەی یاری تۆپی گرنگی پێ بدرایە، ئێستا لە ئاستێکی زۆر جیاواز بوو.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزانێك چین بەدەستت هێنابێت؟**

-خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ژمارەی پێوانەییش هەر بەناوی خۆمە بەتایبەتی لە ٤٠٠م و ٢٠٠م، بەڵام یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان بۆیان هەژمار نەکردووم بەهۆی بێئاگا بوونیان لە چالاکیی یاریزانە کوردەکان لەسەر ئاستی عێراق، لە وڵاتی قەتەریش ئەم ریکۆردەم شکاندووە، تەنیا لە کوردستان حیسابی بۆ ناکرێت لە پاڵەوانیەتی عەرەبیش ئەنجامم هەبووە .

***لەئێستادا بەرنامەت چییە؟**

-بەردەوام لە ئامادەباشیدام بۆ بوونی هەر پاڵەوانیەتی و خولێك.

***کێشەو گرفتتان لەم یارییە چییە؟**

- کێشەکان زۆرن، بەتایبەت نەبوونی یاریگای تایبەت بە خۆمان، جگە لە نەبوونی بەشێکی زۆری پێداویستی ناو یاریگا لەگەڵ هەبوونی یاریزانێکی زۆر و نەبووونی راهێنەری تایبەت، یاخود کە هەشبێت زۆر کەمن. لە وەرزی زستان زۆرترین کێشەکانمان تووش دەبێت لە کاتی باران و بەفربارین بەهۆی نەبوونی هۆڵی داخراو، یارییەکەی ئێمە پێویستی زۆری دەوێت، ئەویش بە پارە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانانی ئێمە کەمترین مووچە وەردەگرن.

*** لە خێزانەکەت چ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

- تەنیا خۆم وەرزشکارم، بەڵام ئەوان بەردەوام هاوکارم بوون لە وەرزشکردن.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-بەشداریکردنم لە ئۆلۆمپیادی جیهانی.

***یانەکەتان وەکو پێویست هاوکاریتان دەکەن؟**

-بەڵێ، ئەوەی وای کردووە کە تاکو ئێستا یاری گۆڕەپان و مەیدان بەردەوام بێ لە سلێمانی بەتایبەت بۆ ئاستی کوڕان بەشێکی زۆری بە هۆی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی دەزانم، ئەوان هۆکارن بۆ بەردەوامیدان بەم یارییە.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

-یوهان بلەیك راکەری جامایکی لە راکردنی ١٠٠م.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا بڵێی؟**

-تەنیا دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەهیوای بەردەوامی بۆ کارەجوانەکانتان.

دیمانە: کارزان کانەبی




# کریستیانۆ ڕۆناڵدو بە باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی ٢٠١٦ دەستنیشانکرا

لە مەراسیمێکی گەورەدا لە شاری زیورخی سویسرا فیفا ناسنامەی سەرجەم باشترینەکانی ٢٠١٦ی ئاشکرا کرد، کە تێیدا باشترین یاریزانی پیاو و ئافرەت و باشترین راهێنەر و جوانترین گۆڵی ساڵ و باشترین پێکهاتەی ٢٠١٦ی راگەیاند.

### باشترین پێکهاتەی ساڵی ٢٠١٦

زۆرینەی پێکهاتەی ساڵی ٢٠١٦ لە یاریزانانی دوو یانە گەورەکەی ئیسپانیا پێکهاتبوون، کە بەمشێوەیە بوو:

(کریستیانۆ رۆناڵدۆ، سێرجیۆ رامۆس، تۆنی کرووس، لۆکا مۆدریچ، مارسیلۆ) لە ریال مەدرید، (لیونێل مێسی، سوارێز، نێیمار، ئەندریاس ئینییێستا، جیرارد پیکێ) لە بەرشلۆنە هاوشانی گۆڵپارێزی ئەڵمانی و یانەی بایەرن میونیخ مانوێل نویەر و دانی ئەلڤێسی یاریزانی یانەی یوڤنتۆسی ئیتاڵی لە پێکهاتەی باشترینەکان ساڵدا بوون، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ناوی ئەنتوان گریزمان لە پێکهاتەکەدا نەبوو.

### باشترین هاندەرانی جیهانی

فیفا بە فەرمی خەڵاتی باشترین هاندەرانی جیهانی بە یانەکانی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانیا و لیڤەرپوولی ئینگلیزی بەخشی.

ئەم دوو یانەیە خاوەنی پێگەیەکی زۆری هاندەرن و لە یارییەکاندا بەشێوەیەکی سەرنج راکێش هانی یانەکەیان دەدەن لە دۆڕان و بردنەوە پشتگیری تیپەکەی خۆیان دەکەن.

### باشترین راهێنەری ئافرەت

بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین راهێنەری ئافرەتی ٢٠١٦، هەریەك لە راهێنەری هەڵبژاردەی ئەمریکا (جیل ئیلیس)، (سیلڤیا نێیدۆ) راهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەڵمانیا و راهێنەری هەڵبژاردەی سوید (پیا سەندهاچ) بەربژێری بردنەوەی خەڵاتەکە بوون، بەڵام (سیلڤا نێیدۆ) بووە خاوەنی خەڵاتی باشترین راهێنەری ئافرەت لە ساڵی ٢٠١٦.

### باشترین راهێنەری پیاو

کلاودیۆ رانیێری راهێنەری ئیتاڵی یانەی لیستەر سیتی بە باشترین راهێنەری ٢٠١٦ دەستنیشان کراوە و گرەوەکەی لە زینەدین زیدانی راهێنەری ریال مەدرید و فێرناندۆ سانتۆسی راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال بردەوە.

رانیێری توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی یانەی لیستەر سیتی نازناوی خولی ئینگلیزی بە دەستبهێنێت، کە ئەم دەستکەوتە لە پێشبینی کەس دانەبوو، کە یانەیەکی وەکو لیستەر ببێتە پاڵەوانی خولێکی گەورە وەکو خولی ئینگلیزی.

### جوانترین گۆڵی ساڵ

گۆڵی (موحد فەیز سوبری) یاریزانی هەڵبژاردەی مالیزیا بە جوانترین گۆڵی ساڵی ٢٠١٦ دەستنیشان کرا، کە گوڵەکە بەشێوەیەکی جوان تۆمارکرا.

باشترین یاریزانی ئافرەت

(کارلی ئانێ لۆید) خانمە یاریزانی تەمەن ٣٤ ساڵەی هەڵبژاردەی ئەمریکا کە ئێستا یاری بۆ تیپی ئافرەتانی هۆستن داشی ئەمریکی دەکات و بە باشترین یاریزانی ٢٠١٦ دەستنیشان کرا.

### باشترین یاریزانی پیاو

کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدرید بە فەرمی بە باشترین یاریزانی ٢٠١٦ دەستنیشان کرا.

### یاری خاوێن

فیفا بڕیاری دا خەڵاتی یاری خاوێن ببەخشێتە یانەی ئەتلەتیکۆ ناسیۆنالی کۆڵۆمبی، چونکە یانە کۆلۆمبیەکە بڕیاریدا یانەی شابیکوینسی بەرازیلی ببێتە پاڵەوانی کۆپاسود ئەمەریکانا، دوای ئەوەی فرۆکەی یانە بەرازیلیەکە تێك شکا و گشت سەرنشینی فرۆکەکە مردن.

ئەمساڵ فیفا لە گۆڤاری فرانس فووتبۆڵ جیا بووە و بە تەنیا ئەرکی بەخشینی خەڵاتی باشترینەکانی ساڵی لەئەستۆ گرت و ناوی خەڵاتەکەش The Besـە.





# گرنگترین رووداوە وەرزشییەک



**ساڵی ٢٠١٦ چەندین رووداوی خۆش و ناخۆشی وەرزشیی لە کوردستان هەبووەو وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە و ئەوەش بۆتە مایەی دڵخۆشی بۆیان و لە هەمان کاتیشدا چەندین رووداوی نەخوازراویش هەبووە بەتایبەت کە هەندێک لە خولەکان بە هۆی قەیرانی دارایی ئەنجام نەدراوە، ئێمەش بە شێک لە رووداوە وەرزشییەکان دەخەینەڕوو.**

دواپیین خولی نایابی کوردستانی وەرزی رابردوو کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەر لە ناو یاریگەی فرەنسۆ هەریری بەڕێوەچوو، لەم یارییەدا یانەی هەولێر بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك یارییەکەی بردەوە، دوو گۆڵەکەی یانەی هەولێر هەر یەکە لە فەرحان شەکور و نەدیم کەریم تۆماریان کرد و تاکە گۆڵی یانەی پێشمەرگەی هەولێریش یاریزان عەبدوڵا عەلی تۆماری کرد، بەمەش یانەی هەولێر بۆ سێیەمین جار لە مێژووی خۆیدا نازناوی خولی تۆپی پێی یانە نایابەکانی کوردستانی بەدەستهێنا، هەردوو یانەی سلێمانی و سۆلاڤیش دابەزین بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان.

● سیروانی نوێ و گازی باکوور بۆ خولی نایاب سەرکەوتن

لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هەردوو یانەی سیروانی نوێ و گازی باکوور گەیشتنە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، دوای ئەوەی سیروانی نوێ بووە پاڵەوان و یانەی گازی باکووریش پلەی دووەمی گرت و بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیدا بۆ خولی یانە نایابەکان سەرکەوت.

● کفری بۆ یەکەمجار بووە پاڵەوانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان

یانەی کفری بووە پاڵەوانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان و بە گۆڵێکی بێبەرامبەر لە یانەی سەید سادقی بردەوە، هەردوو یانەش وەرزی داهاتوو لە ریزی یانە پلە یەکەکان یاری دەکەن، لە یاریگای سەیدسادق و بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٠ هەزار هاندەر هەردوو یانەی سەید سادق و کفری یاری کۆتایی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستانیان ئەنجام داو، یانەی کفری توانی بە گۆڵێکی بێبەرامبەر یارییەکە لە سوودی خۆی کۆتایی پێ بهێنێت، بەم ئەنجامە یانەی کفری بووە پاڵەوانی خولی یانە پلە دووەکان و یانەی سەید سادقیش پلەی دووەمی بەدەست هێنا. هاوکات هەردوو یانە بەفەرمی بۆ وەرزی داهاتوو سەرکەوتنیان بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەدەست هێنا و لە وەرزی داهاتوودا لەو خولە درێژە بە کێبڕکێکانیان دەدەن.

● هەڵبژاردەی کوردستان لە جامی کۆنیفا بە ئاستێکی لاواز دەرکەوت

هەڵبژاردەی کوردستان لە هاوینی ساڵی ٢٠١٦ بەشداری

# ـــانی ناوخۆی ســـالّی ٢٠١٦



لـە جامـی کۆنیفـا بـۆ هەڵبـژاردە بـێ وڵاتـەکان کـرد، ئەو پاڵەوانییەتییە لە هەرێمی ئەبخازیای سەر بە وڵاتی رووسیا بەڕێوەچـوو، تێیـدا ١٢ هەڵبـژاردە بەشدارییان کـرد، ئەوەی تاییـەت بێـت بە هەڵبـژاردەی کوردسـتان، سـەرەڕای بوونی کۆمەڵێك ئەسـتێرە لە ریزی هەڵبژاردەکە، بەڵام بە ئاستێکی لاواز دەرکـەوت و دوای ماڵئاوایـی کـردن لـە قۆناغـی کۆمەڵەکان لەسـەر دەسـتەبەرکردنی پلەکانـی دواییدا، پلەی هەشتەمی گرت.

● کۆچی دوایی سێ وەرزشوانی کورد

سـێ وەرزەشـوانی کوردی دانیشتووی شـاری سلێمانی لە رووداوێکی هاتوچۆ دڵتەزێندا گیانیان لە دەستدا، لە ساڵی ٢٠١٦ و لـە رووداوێکـی هاتووچۆدا، هەریەکە لە مامۆسـتا سەلاح محەمەد کەریم و دکتۆر عاسی فاتیح وەیس و ئاسۆ دەروێـش تووشـی روداوێکـی هاتوچـۆ بـوون لەنزیـك قەزای خاڵـس و بـەو هۆیەشـەوە ئـەو سـێ وەرزشـەوانە گیانیـان لە دەست دا. سەلاح محەمەد کەریم جێگری سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی و بەرپرسـی یەکەمی وەرزشـی سلێمانی و داوەری نێودەوڵەتی پێشوو، وانەبێژی نێودەوڵەتی ئاسیایی بووە.

● یاریزانێکی یانەی هەولێر کۆچی دوایی کرد

لـە یەکێـك لە رووداوە ناخۆشـەکانی شـاری هەولێر، سـاڵح محەمـەد یاریزانـی یانـەی هەولێـری بەشداربوو لـە خولی نایابـی عێـراق کۆچـی دوایـی کـرد، سـاڵح محەمـەد لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٩٦ی شـاری هەولێـر بـوو و لـە تیپی تازەپێگەیشـتووان و لاوان و تیپـی دووەمـی یانەکـە و تیپـی یەکەمـی یانـەی هەولێـر یاریکـردووە و هەروەهـا لەگـەڵ هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان بەشداری لە دوو پاڵەوانییەتی نـۆروەی کـوپ کـردووەو توانـی لـە سـاڵی ٢٠١٥ نازناوەی پاڵەوانییەتییەکـە بـە دەسـتبهێنێت، سـاڵح محەمەد تووشـی جـۆرە ڤایرۆسـێکی دەگمـەن بـووە لـە گورچیلەکانـی، ئـەم ڤایرۆسـە بووە هۆکاری ئەوەی بەشـێوەیەکی لەناکاو هەردوو گورچیلەی سـاڵح محەمەد لە کار بکەوێت، دواتر بە هۆی جەڵدەی مێشك راستەوخۆ کۆچی دوایی کرد.

● کچانـی گازی باکـوور بوونـە پاڵەوانی خولی یانەکانی عێراق

بـۆ یەکەمینجـار پاڵەوانیەتی یانەکانی باکووری عێراق بۆ تۆپی پێی یازدە یاریزانی ئەنجامدرا کە لەژێر سەرپەرشـتی یەکێتـی تۆپـی پێی عێـراق بەڕێوە چوو، کـە یەکەم جارە لە

میێژووی عێراق پاڵەوانیەتییەکە لە یاریگای ١١ یاریزانی ئەنجامدار و لە یاری کۆتاییدا هەردوو کچانی گازی باکوور و زێرەڤانی بەیەك گەیشتن و کچانی گازی باکوور بوونە پاڵەوانی عێراق.

● پاڵەوانییەتی نمایشی ئەسپ سواری وڵاتانی عەرەبی بەڕێوەچوو

بۆ یەکەمینجار نمایشی ئەسب سواری وڵاتانی عەرەبی لە باشووری کوردستان و لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

ئەم پاڵەوانییەتییە هەشت وڵات بەشدارییان تێدا کردو دەرئەنجام هەڵبژاردەی کوردستان پاڵەوانیەتییەکەی دەستخست.

● هەولێر بووە پاڵەوانی خولی باڵەی کوردستان

دوای هەشت ساڵ تیپی باڵەی یانەی هەولێر توانی ببێتە پاڵەوانی خولی باڵەی یانەکانی کوردستان، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی سێ گێمی بێ بەرامبەر لە تیپی باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی بردەوە. لەم پاڵەوانیەتییەدا تیپی باڵەی هەولێر بەئاستێکی بەرز دەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی دوای ٨ ساڵ ببێتە پاڵەوانی کوردستان.

● سەردار ئیسماعیل و نەزار غەزالی ئەنجامی گەورەیان بۆ کورد بەدەستهێنا

لەجامی لەشجوانی ئەڵماسی نێودەوڵەتیدا کە لەوڵاتی یۆنان بەڕێوەچوو، هەردوو پاڵەوانی کورد نزار غەزالی و سەردار ئیسماعیل لە کێشی خۆیاندا پلەی یەکەمیان بەدستهێنا. نزار غەزالی پاڵەوانی کورد توانی لە کێشی ٨٥ کیلۆگرامی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، هەروەها پاڵەوانی





کورد سەردار ئیسماعیل توانی لە کێشی ٩٠ کیلۆگرام لە هەمان پاڵەوانیەتیدا پلەی یەکەمی بەدەست بهێنێت، دوای گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان هەردوو پاڵەوانی ناوبراوو لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی وەرزش خەڵات کران. هاوکات سەردار ئیسماعیل وازهێنانی یەکجارەکی لە یارییەکە راگەیاند.

● پاشەکشە کردنی هەولێر لە خولی نایابی عێراق

یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٦ و لەسەر ئاستی عێراقدا، لە یاریی نێوان هەردوو یانەی نەجەف و هەولێر لەخولی نایابی عێراق هاندەران بەشێوەیەکی ناشیرین پێشوازیان لە یانەی هەولێر کردو بە داعش ناویان بردن. بۆیە ئەوانیش بڕیاری کشانەوەیان لەخولی نایابی عێراق دا، سەرەڕای ئەوەی پارێزگاری نەجەف چەند جارێك بە تەلەفۆن داوای لێبووردنی لە ئیدارە و بەرپرسانی هەولێر کردو هەروەها وەفدێکی فەرمی لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق سەردانی یانەی هەولێریان کرد و داوای لێبووردنیان کرد.

● کۆڤان حەسەن یاریزانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەکو یاریزانێکی کورد لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە ئۆلۆمپیاتی بەرازیل میدالیای زێڕی بەدەستهێنا.

● دوای ٢ ساڵ پاڵەوانیەتییەکی پایسکلسواری لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو

دوای دوو ساڵ دابڕان بە هۆی قەیرانی دارایی دواجار فیدراسیۆنی پایسکلسواری کوردستان هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەك لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان کە نۆ یانە تیایدا بەشداربوون. بەهۆی دابڕانێکی زۆر لە مەشق و رکابەری و پێشبڕکێکان ئاستی هونەری پایسکلسوارەکان لاواز بوو، هەریەك لە یانەکانی هەولێر، برایەتی، کۆیە، دوکان، سۆلاڤ، ئامێدی، گارە، دهۆك و ئاسۆ لە پاڵەوانیەتی پایسکلسواری کوردستان بەشداربوون و دوای بەڕێوەچوونی پێشبڕکێکان لەسەر رێگەی هەولێر مورتکە پاڵەوانیەتییەکە یەك رۆژی خایاندو درێژی ماوەی پێشبڕکێکەش ٣٢ کیلۆمەتر بوو، ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانیەتیەش بەمشێوەیە بوو: یانەی سۆلاڤی نوێ پلەی یەکەمی دەستەبەر کرد و برایەتی پلەی دووەم و ئامێدیش پلەی سێیەمی گرت.

● ناوبژیوانی شاری کەرکووك یوسف سەعید یەکێك لە ناوبژیوانە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق کە لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و عێراق توانیویەتی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات بووە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی.

● لە خولی باسکەی نایابی یانەکانی کوردستان یانەی سۆلاڤی نوێ شاری کەرکووك توانی نازناوی خولەکە بەدەست بهێنێت و ببێتە پاڵەوانی کوردستان و نازناوەکەشی بۆ شاری کەرکووك بردەوە.

● یانەی شەترەنجی خانزاد چەندین پاڵەوانێتی خێرای بۆ یاریزانانی ناو شاری هەولێرو دەرەوەی کوردستانیش ئەنجامداوە، یاریزانانی یانەکەش لە ئاستی دەرەوە چەندین ئەنجامی شایستەیان بەدەستهێناوە.

● کارین کەمال کچە یاریزانی شەترەنجی یانەی وەرزشیی خانزاد لە پاڵەوانێتی شەترەنجی عەرەبی پلەی دووەمی بەدەستهێنا لە وڵاتی سوودان، زۆزك سەلاحیش پلەی پێنجەمی بەدەستهێنا.

● لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا عێراق پلەی سێیەمی بەدەستهێنا

لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٦ جامی نەتەوەکانی ئاسیای خوار ٢٣ ساڵان لە وڵاتی قەتەڕ ئەنجامدرا، لەم پاڵەوانیەتییە هەڵبژاردەی ژاپۆن بووە پاڵەوان دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی ٣ گۆڵ بەرامبەر بە ٢ گۆڵ لە هەڵبژاردەی کۆریای باشووری بردەوە و هەڵبژاردەی عێراقیش بەبردنەوەی لە هەڵبژاردەی قەتەڕ پلەی سێیەمی گرت و هاوکات هەرسێ هەڵبژاردەی ژاپۆن و کۆریای باشوور و عێراق بۆ ئۆلۆمپیادی ریۆ دی جانێرۆ سەرکەوتن.

● قوەی جەویەی عێراقی بۆ یەکەم جار بووە پاڵەوانی جامی یەکێتی ئاسیا

دەگەڕێینەوە بۆ کیشوەری ئاسیا، لە مانگی ١١ یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا ئەنجامدرا و هەردوو یانەی قوەی جەویەی عێراقی و بنگالۆری هیندی بەیەك گەیشتن و لەم یارییەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی و عێراقدا، یانەی جەویە جامەکەی بەرز کردەوە دوای ئەوەی بە گۆڵێکی حەمادی ئەحمەد سەرکەوتنی تۆمارکرد، لە جامی یانە پاڵەوانەکانیش، یانەی جیونبوك هیۆندای کۆریای باشوور توانی بۆ دووەم جار لە مێژووی خۆیدا جامەکە بەرز بکاتەوە دوای ئەوەی بە ئەنجامی یاری چوون و هاتن لە یانەی عەینی ئیماراتی بردەوە.

